کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 20:18بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەیاننامەی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان سەبارەت ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان دژ بە کەناڵی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو - کەناڵی هەولێر**

پێش چەند ڕۆژێك بەرپرسیاری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆنکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە بۆ ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن تیایدا هەڕەشەی دادگاییکردنی کەناڵی هەولێری یەکگرتووی کرد، لەسەر بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی حاجیانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەو کەناڵە.

ئێمە ئەم ڕاگەیاندنەی بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان بە فشار دادەنێین لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە پێشێلکاری دادەنێین لە یاساکان و مافەکانی بڵاوکردنەوە، چونکە:

ڕۆژنامەوانانی کەناڵی هەولێری یەکگرتوو لە کۆنکرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ئەنجام دراوە زانیاریەکانی خۆی بەدەستخستووە.

کەناڵی ڕاگەیاندن ئازادە لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی خاوەن سەرچاوە کاتێك دڵنیا بێت لە ڕاستی هەواڵەکە.

هەر هەواڵێك ئەگەر تەواویش نەبێت لە لایەن دەزگایەکی ڕاکەیاندن بڵاو بکرێتەوە بە مەرجێك سەرچاوەی هەبێت، هیچ پێچینەوەی یاسایی لەسەر کەناڵی ڕاگەیاندن دروست ناکات.

هەر هەواڵێك بگاتە دەستی ڕۆژنامەوان مافی بڵاوکردنەوەی هەیە و ئەو لایەنەی هەڵەی کردوە لەم حاڵەتەدا دەزگای ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بووە.

کاری ڕۆژنامەوانی بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی نهێنی و ئاشکرا و لە ڕاگەیاندندا پێشبڕکێ بۆ گەیشتن بۆ هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان ئازادە.

لەسەر ئەم بنەمایانە کۆمیتیە بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەو ڕۆنکردنەوەیەی وەزارەتی ئەوقاف بە هەڕەشەیەکی دوور لە یاسای ڕۆژنامەوانی دادەنێت و داوا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بنەمایەکی ئاشکرا بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دابنێت و بە گوێرەی میساق شەرەفی ڕۆژنامەگەری کوردستان کار بکات کە کۆمیتیە بەرگری لە ڕۆنامەوانانی کوردستان کاری پێ دەکات.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان

ko_b_r_ku@yahoo. se
www. journalist. kurdistanan. net
2007-07-31

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.